# زمانەوانیی کۆمپیوتەری

## بابەتی 3: ئانالیزی مۆرفۆلۆژی - بەشی 1

سینا ئەحمەدی

sinaahmadi.github.io/KurdishCL


# ناوەرۆک

1. مۆرفۆلۆژی چییە؟
   - دەسپێک
   - چەمکە بنەڕەتییەکان
   - زمانەکان بە پێی مۆرفۆلۆژییان
2. مۆرفۆلۆژیی کوردی
3. ئانالیزی مۆرفۆلۆژی (بەشی دوو)

# مۆرفۆلۆژی چییە؟

# دەسپێک

- دەنگەکان و بڕگەکان (syllable) بۆخۆیان هەڵگری واتا نین
- بەڵام بۆ سازکردنی واتا بەکار دێن
- وشەکان هەڵگری واتان و لە وشەدانی مێشک (mental lexicon) ی مرۆڤدان
  - مێرگ
- شێوازی سازکردنی وشە و پێکهێنانی بەشەکانی وشەش لە مێشکی مرۆڤدایە
  - مێرگی جوان، مێرگەکە، مێرگێک، مێرگەپان




پراگماتیک یان کەڵکناسی
سێمانتیک یان واتاناسی
سینتاکس یان ڕستەسازی
مۆرفۆلۆژی یان شێوەناسی
فۆنۆلۆژی
فۆنتیک یان دەنگناسی
دەنگ چییە و چۆن ساز دەکرێ؟
دەنگەکان چۆن پێکەوە لە زمانێکدا دێن
وشە چۆن ساز دەبێ؟
ڕستەکان چۆن پێکدێن؟
واتای وشەکان چۆن ساز دەکرێن و دەگۆڕدرێن؟
زمان لە ڕستە و دۆخ و هەڤپەیڤیندا چۆن بە کار دێ؟


## مۆرفۆلۆژی (morphology)

مۆرفۆلۆژی یان وشەناسی بە زانستی سازکردنی وشە لە زماندا دەکوترێ.

- مۆرفۆلۆژی وشەیەکی یۆنانییە: μορφολογία ← μορφ(ή) + -o- + -λογία واتە مۆرفیمناسی
- **مۆرفیم** (morpheme) یان مۆرف ← بچووکترین پێکهاتەی وشەیە
- تێکەڵ کردنی مۆرفیمەکان **وشە** ساز دەکا
- مۆرفۆلۆژی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان وشەکان و واتا جیاوازەکانیان لە زماندا
- **ئانالیزی مۆرفۆلۆژی** بریتییە لە ناسینەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی وشە واتە (constituent)ەکان.
  جوان، جوانـــی، جوانـــباش، جوان کردن

# چەمکە بنەڕەتییەکان: فۆرم و واتا لە زماندا

- نیشانە (sign) لە زماندا بە تێکەڵەی فۆرمێکی فۆنۆلۆژیک (form) و واتایەک (meaning) دەگوترێ
- فۆرمی فۆنۆلۆژیک واتە زنجیرەیەک لە دەنگەکان وەک «با» /ba/




# چەمکە بنەڕەتییەکان: مۆرفیم

- وێ دەچێ داڕێژەگەلێک (pattern) لە نێوان فۆرمەکان و واتاکاندا هەبێ
  - وەک با، باکان، باهۆز، باوەشێن/بارۆشە
- لەم نیشانەیانەدا، زنجیرەی دەنگی /ba/ پەیوەندیی لەگەڵ واتادا هەیە
- **مۆرفیم** بچووکترین پێکهاتەی زمانە کە وەها پەیوەندییەکی لەگەڵ واتادا هەبێ
- مۆرفیمێک وەک «با» /ba/ دەتوانێ بەشێک لە چەند نیشانەی جیاواز بێ


Kurdî NLP کوردی

فۆرم یان شێوە | واتا

با
/ba/



باکان+
/ba/+/kan/



باهۆز+
/ba/+/hoːz/



باوەشێن+
/ba/+/wɛʃeːn/




# چەمکە بنەڕەتییەکان: مۆرفیم

- مۆرفیم بچووکترین پێکهاتەی زمانە کە کارگێڕی لە واتادا هەبێ
- کاتێک شتێک لە مۆرفیمێک زیاد دەکرێ، واتای مۆرفیمەکە بەشێوازێک دەمێنێتەوە
- کاتێک شتێک لە مۆرفیمێک لادەبردرێ، واتای مۆرفیمەکە چیدیکە نامێنێتەوە
- کەوا بێ، مۆرفیم جووتی فۆرم–واتایە کە داناشکێندرێ بە بەشی بچووکتر ← ئەتۆمییە
- «نابەرپرسیارانە» چەند مۆرفیمی تێدایە؟



بار
/ba/+/r/
؟؟؟
؟؟؟



با+کان
/ba/+/kan/
واتە زۆرتر لە یەک با هەیە
واتە پەیوەندی بە باوە هەیە

# چەمکە بنەڕەتییەکان: مۆرفیم و وشە

- وشە یان فۆرمی وشە (word-form) بە پێکهاتەی یەک یان زۆرتر لە یەک مۆرفیم دەکوترێ
  - با، دار، بەرد، ئاسمان، هتد

- دەتوانین مۆرفیمەکان لە وشەکان زیاد بکەین بۆ سازکردنی وشەی نوێ
  - با، بایەک، بای، باکان، باهۆز، باوەشێن، باوەشێنەکان و هتد

- بنەماڵەی وشەکان (word family): فۆرمە جیاوازەکانی وشەیەک کە چەمک (concept) ێکی هاوبەشیان هەیە
  - خواردم، خواردبووم، خواردیشت، دەخۆم، بخۆ ← خواردن
  - خواردمەوە، خواردبوومەوە، دەخۆمە، بخۆوە/بخۆرەوە ← خواردنەوە

- سەرجەم ئەو وشانە کە لە یەک بنەماڵەدان، **پارادایمی** وشەیەک ساز دەکەن

Kurdî NLP کوردی

# چەمکە بنەڕەتییەکان: لێکسیم

- لێکسیم (lexeme) وشەیەکە کە هەموو وشەکانی بنەماڵەکەی لێڕا ساز دەکرێن
- تاقە وشەیەک بۆ نیشاندانی لێکسیمەکان دەبێ بە لێما (lemma)
  - لێما هەر سەروشەیە کە لە فەرهەنگەکاندا دەردەکەوێ

لێما/سەروشە: خواردن

لێکسیم: خواردن — خواردنەوە





پارادایم:

خواردم، خواردبووم، خواردیشت، دەخۆم، بخۆ


خواردمەوە، خواردبوومەوە، دەخۆمەوە، بخۆوە

# چەمکە بنەڕەتییەکان: تێکەڵ کردنی مۆرفیمەکان

- مۆرفیمەکان دەتوانن لە وشەیەکی دیکە زیاد بکرێن و وشەیەکی نوێ ساز بکەن
  - سووتاندمان - سووتێنەرەکان - کتێبەکەم
  - بنج یان بناغە (base): خانەخوێی وشەکە ← سووتاند - سووتێنەر - کتێب
  - قەد (stem): بناغەی گەردان ← سووتاند - سووتێن - کتێب
  - ڕەگ (root): قەدێک کە چیدی دانەشکێ ← سووت - سووت - کتێب
- ڕۆڵی مۆرفۆسینتاکسی وشەکە دیاری دەکا چ مۆرفیمانێکی لەگەڵدا ڕێک دەکەون
  - ناوەکان دەتوانن لەگەڵ -ێک، -ەکە، -ان، -دا، -ڕا و ...دا بێن
  - ئاوەڵناوەکان دەتوانن لەگەڵ -ەکە، -ە، -تر، -ترین و ... دا بێن
  - کردارەکان دەتوانن لەگەڵ دە-، ئە-، -بوو، -ن و ... دا بێن

Kurdî NLP کوردی

# چەمکە بنەڕەتییەکان: ڕۆڵە مۆرفۆسینتاکسییەکان



# چەمکە بنەڕەتییەکان: ئالۆمۆرفەکان

- مۆرفیمە هاوواتاکان کە جیاوازییان لە وتندا هەیە دەبن بە ئالۆمۆرفم (allomorph) یان شێوەی مۆرفیم
  - ێک: چرایەک، چراییێک، چرایک، ڕۆژێک، ڕۆژێ
  - ەکە: کتێبەکە، نامەکە، دەرگاکە، ماسیەکە
  - یش: گوڵیش، باش
  - ێ (3sg): دەچێ، دەچێت
  - گە: ڕێگە، ڕێگا
  - دران: خوێندران، خوێنران
  - وان: باخەوان، گاوان
  - **im, it:** karim/awam - nawit/dayet

- پەیوەندیی نێوان وشەکان و لێکسیمەکان بە دوو شێوەیە:

1. گەردان (inflection) یان مۆرفۆلۆژیی گەردانی (inflectional)
   - چۆن پێناسە جیاوازەکانی وشەیەک لە ڕستەدا ساز بکرێ
   - پەیوەندیی نێوان وشە جیاوازەکانی یەک لێکسیم
2. داڕێژان (derivation) یان مۆرفۆلۆژیی داڕێژراو (derivational)
   - چۆن مانای نوێ لە وشەیەکەوە ساز بکرێ
   - پەیوەندیی نێوان لێکسیمە جیاوازەکان
   - داڕێژاندنی لێکسیم ← وشە ڕۆنان (word formation)

خواردن



گەردان کردن

خواردم، خواردبووم،
خواردیشت، دەخۆم، بخۆ

# چەمکە بنەڕەتییەکان: گەردان و داڕێژان

**داڕێژان**

خواردن

خۆراک | پێخۆر | بخۆر | زۆرخۆر

خواردەمەنی









# چەمکە بنەڕەتییەکان: گەردان و داڕێژان

پەیوەندییەکان لە مۆرفۆلۆژیدا

word-formation / وشە ڕۆنان
(سازکردنی لێکسیمەکان)

inflection / گەردان
(سازکردنی فۆرمی وشەکان)

compounding / لێکدران

وەک زۆرخۆر، قەلخۆر،مفتەخۆر

derivation / داڕێژان

بنەماڵەی لێکسیمەکان

وەک خواردن، خواردنەوە، خواردەمەنی

paradigms / پارادایمەکان

وەک، دەخۆم، خواردبووم، بخۆ

# چەمکە بنەڕەتییەکان: جۆرەکانی مۆرفیم

- جۆرەکانی مۆرفیم بە پێی **ڕۆڵـیان**

1. مۆرفیمی وشەیی (lexical morpheme): مۆرفیمێک کە ڕۆڵی وشەی هەیە بۆخۆی مانای هەیە
2. مۆرفیمی ڕێزمانی (grammatical morpheme): مۆرفیمێک کە ڕۆڵی ڕێزمانی هەیە، وەک ناوی ناسراو، نەناسراو، تاک، کۆ و هتد

- جۆرەکانی مۆرفیم بە پێی **سەربەخۆییـیان**

1. مۆرفیمی سەربەخۆ (free morpheme): مۆرفیمێک کە بە تەنێ دەتوانێ وەکوو وشەیەک دەرکەوێ
با، زۆر، کتێب، گوڵ
2. مۆرفیمی بەستراو (bound morpheme): مۆرفیمێک کە ناتوانێ بە تەنێ دەرکەوێ و لە مۆرفیمێکی دیکە دەبەسترێ
باکان، زۆرێک، کتێبـەکە، گوڵـم

Kurdî NLP کوردی

# چەمکە بنەڕەتییەکان: جۆرەکانی مۆرفیم

**مۆرفیم**

- مۆرفیمی وشەیی
  - مۆرفیمی سەربەخۆ: کتێب، گوڵ، بردن
  - مۆرفیمی بەستراو: ـن، ـگە، ـەمەنی — تووکن، ساردەمەنی، سەیرانگە
- مۆرفیمی ڕێزمان
  - مۆرفیمی سەربەخۆ: لە، بۆ، بە، پێ
  - مۆرفیمی بەستراو: ـەکە، ـێک، ـگەل، ـی — گوڵەکە، گوڵێک، گوڵگەل، گوڵی

# چەمکە بنەڕەتییەکان: ئەفیکس و کلیتیک

مۆرفیمە بەستراوەکان بۆخۆیان دەبن بە دوو بەش:

- ئەفیکس (affix) یان گیرەک: مۆرفیمێکی بەستراو کە هەمیشە لەگەڵ قەدی تایبەتدا دەردەکەوێ
  - **کتێبەکە**
  - **کتێبەکە**ی برد
  - **کتێبەکە** زۆر خۆش بوو / زۆر خۆش بوو **کتێبەکە**
  - **کتێبەکە**ی کە باست کرد لێرەیە

- کلیتیک (clitic): لەگەڵ هەر قەدێکدا دەتوانن دەرکەون و جێگای خۆیان لە وشەدا دەگۆڕن
  - هێنام
  - کتێبەکەم هێنا
  - بۆم هێناوی
  - نەمدەهێنا

- مۆرفۆلۆژیزانەکان بە کلیتیک دەڵێن «زبڵی» زمان. لە کوردیدا، هەندێک بەرەڵاشن!

# چەمکە بنەڕەتییەکان: ئەفیکس و کلیتیک

**ئەفیکس**
**affix (-)**

| | |
|---|---|
| پێشگر<br>prefix | پیاو / نا-پیاو |
| ناوگر<br>infix | لە کورمانجیدا -in/-ن<br>سێڤ / سێڤان / سێڤنان<br>sêv / sêvan / sêvinan |
| پاشگر<br>suffix | سێڤ / سێڤ-ان<br>sêv / sêvan |
| دەورگر<br>circumfix | لە ماڵـەوە |

**کلیتیک**
**clitic (=)**

| | |
|---|---|
| پێشکلیتیک<br>proclitic | |
| ناوکلیتیک<br>mesoclitic<br>endoclitic | کلیتیکەکانی جێناو<br>=م =ت =ی =مان = تان = یان<br>بردم، ئاوم برد |
| پاشکلیتیک<br>enclitic | =یش<br>گوڵیش، جوانیش، بردمیش |

# چەمکە بنەڕەتییەکان: پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان

- چەسپاندن (affixation): چەسپاندنی ئەفیکسێک لە مۆرفیمێک
  نەورۆزانە
- جێگۆڕکێ (alternation): گۆڕانکاری لە ڕیشەی وشەکەدا
  سووتاندن/سووتاند/سووتێن
- پڕکردنەوە (suppletion): گۆڕانکاریی نایاسامەند لە ڕیشەی وشەکەدا
  کوتم/دەڵێم/ئێژم
- دووبارەکردنەوە (reduplication): دووپات کردنەوە
  چاک چاک، وەرە وەر
- لێکدان (compounding): دوو وشەی سەربەخۆ بە دوو ڕێشەی جیاوازەوە پێک دەگەن
  زۆرخۆر

Kurdî NLP کوردی

# زمانەکان بە پێی مۆرفۆلۆژییان


- زمانە شیکارانەکان (analytic): ئەژمارێکی زۆر کەمی مۆرفیم لە وشەکاندایە
  ئینگلیسی، چینی، ڤیەتنامی و هتد
- زمانە پێکهێنەرانەکان(synthetic)
  - زمانە ئاوێتەکان (fusional): داهێنانی مۆرفیمی تایبەت بۆ هەر پێناسەیەک
    کوردی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و هتد
  - زمانە لکاوەکان (agglutinative): لێک نووسانی زۆر مۆرفیم بە دوای یەکدا
    تورکی، فەنلاندی، گورجی و هتد
  - زمانە چەندبەشییەکان (polysynthetic): تێکەڵاندنی زۆر مۆرفیم بە دوای یەکدا
    زمانە ئەمریکییەکان


# زمانەکان بە پێی مۆرفۆلۆژییان

- بە گرینلەندی

nalunaarasuartaatilioqateeraliorfinnialikkersaatiginialikkersaatilillaranatagoorunarsuarrooq

- بە تورکی
- muvaffakiyetsizleştiricileştiriveremeyebileceklerimizdenmişsinizcesine






زمانەکانی دنیا بەپێی ئاستی قورسیی مۆرفۆلۆژییان (سەرچاوە: https://wals.info/)

# مۆرفۆلۆژیی کوردی

# هەندێک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی کوردی

1. زمانە کوردییەکان/بنزاراوە کوردییەکان هەموویان مۆرفۆلۆژییەکی پێکهێنەرانەیان هەیە




زۆرتر لە 2000 وشە لە یەک قەد (گوڵ) دەکەوێتەوە!

# هەندێک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی کوردی

2. زۆرترین ئاڵۆگۆڕی مۆرفۆلۆژی لە سەر ناو، کردار و ئاوەڵناودایە

| ناو | |
|---|---|
| **ئەژمار (number)**<br>تاک و کۆ | گوڵ، گوڵان |
| **کەس (person)**<br>1, 2, 3 | گوڵم، گوڵت، گوڵی، گوڵمان، گوڵتان، گوڵیان |
| **دیارخەر (determiner)**<br>ناسراو، نەناسراو، ئاماژە، پەتی | گوڵەکەم، گوڵێکم، ئەو گوڵەم، گوڵم |
| **دۆخ (case)**<br>بکەر، نابکەر<br>جێگا، بانگ | گوڵەکە جوانە<br>گوڵەکەی دەهێنم<br>گوڵێ!<br>دەچمە هەولێرێ |
| **ئیزافە** | گوڵی جوان، گوڵە جوانەکە، ئەو گوڵە جوانە |

3. زۆرترین ئاڵۆگۆڕی مۆرفۆلۆژی لە سەر ناو، کردار و ئاوەڵناودایە

| ناو | کردار | |
|---|---|---|
| ئەژمار (number)<br>تاک و کۆ | **ئەژمار**<br>تاک و کۆ | دەکەم، دەکەن |
| کەس (person)<br>1, 2, 3 | **کەس**<br>1, 2, 3 | دەکەم، دەکەی، دەکا، دەکەین، دەکەن |
| دیارخەر (determiner)<br>ناسراو، نەناسراو، ئاماژە، پەتی | **خوو (mood)**<br>چاوگ، مەرجی، فەرمانی، گریمانی | کردن، بکەم، بکە، بمکردبا |
| دۆخ (case)<br>بکەر، نابکەر<br>جێگا، بانگ | **لایەن (aspect)**<br>تەواو، ناتەواو، بەردەوام | کردم، کردوومە، دەکەم |
| ئیزافە | **دەمکات (tense)**<br>ڕابردوو، ئێستا، ~~داهاتوو~~ | کردم، دەکەم (ezê bikim) |

3. زۆرترین ئاڵۆگۆڕی مۆرفۆلۆژی لە سەر ناو، کردار و ئاوەڵناودایە

- کردارەکان لە کوردیدا زۆرترین ڕێژەی گۆڕانکاریی مۆرفۆلۆژییان هەیە

| تێپەڕیتی (transitivity) | کردار | | | |
|---|---|---|---|---|
| | چاوگ (infinitive) | قەدی ڕابردوو (past stem) | قەدی ئێستا (present setm) | ڕەگ (root) |
| تێپەڕ (transitive) | بردن | برد | بە | ب |
| | هێنان | هێنا | هێن | هـ |
| | سووتاندن | سووتاند | سووتێن | سووت |
| تێنەپەڕ (intransitive) | چوون | چوو | چ | چ |
| | مان | ما | مێن | م |
| | گەیشتن | گەیشت | گە | گ |

4. زۆرترین ئاڵۆگۆڕی مۆرفۆلۆژی لە سەر ناو، کردار و ئاوەڵناودایە

| ناو | کردار | ئاوەڵناو | |
|---|---|---|---|
| ئەژمار (number)<br>تاک و کۆ | ئەژمار<br>تاک و کۆ | **ئەژمار**<br>تاک و کۆ | جوان، جوانەکان |
| کەس (person)<br>1, 2, 3 | کەس<br>1, 2, 3 | | |
| دیارخەر<br>(determiner)<br>ناسراو، نەناسراو،<br>ئاماژە، پەتی | خوو (mood)<br>چاوگ، مەرجی،<br>فەرمانی، گریمانی | **دیارخەر**<br>ناسراو، نەناسراو،<br>ئاماژە، پەتی | جوانەکە، جوانێک،<br>ئەو جوانە، جوان |
| دۆخ (case)<br>بکەر، نابکەر<br>جێگا، بانگ | لایەن (aspect)<br>تەواو، ناتەواو،<br>بەردەوام | **پلە (degree)**<br>پەتی، بەراوەردی،<br>هەرەیی | جوانتر، جوانترین |
| ئیزافە | دەمکات (tense)<br>ڕابردوو، ئێستا،<br>~~داهاتوو~~ | | |

5. کلیتیکەکان و ئەرگەتیف بوونی ڕێک خستنی وشەکان لە ڕستەدا قورس دەکا


| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | | | | | | girt | | | | | | گرت |
| 1 | | | | | | girt | im | | | | | گرتم |
| 2 | | | | | | girt | im | in | | | | گرتمن |
| 3 | | | | | | girt | im | in | e | | | گرتمنە |
| 4 | | | | | | girt | im | in | e | ewe | | گرتمنەوە |
| 5 | | | | | | girt | îş | im | in | e | ewe | گرتیشمنەوە |
| 6 | | | ne | îş | im | girt | in | e | ewe | | | نەشمگرتنەوە |
| 7 | | ne | îş | im | de | girt | in | e | ewe | | | نەشمدەگرتنەوە |
| 8 | da | îş | im | ne | de | girt | in | e | ewe | | | داشمنەدەگرتنەوە |

بە شێوازی دەرکەوتنی مۆرفیمەکان لە وشەیەکدا دەڵێن morphotactics

# هەندێک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی کوردی

6. زۆربەی وشەکان و بەتایبەت کردارەکان لە کوردیدا لێکدراون


- کەمتر لە 1200 کرداری ساکاری هەیە!



# هەندێک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی کوردی


7. کێشەکانی ڕێنووسی کوردی بەتایبەت بۆ نووسینی بزرۆکە (i) وەک گرتمن/girtimin
8. مۆرفۆلۆژیی بنزاراوەکان جیاوازییان هەیە
   - کردمەوانێ (کردمەوە)، چووگم (چووم)، نەمکردۆ (نەمکردووە)، بیتن (بێ)
   - دەکەم/ئەکەم، دەشکمە/دەکەمیش، کردمن/کردیانم

8. مۆرفۆلۆژیی بنزاراوەکان جیاوازییان هەیە: ناسراویی کەسی تاک





https://kurdish.humanities.manchester.ac.uk/definiteness-singular-book/

8. مۆرفۆلۆژیی بنزاراوەکان جیاوازییان هەیە: پاشگری لادار –ە وەک ئەچمە




https://kurdish.humanities.manchester.ac.uk/definite-directional-object-i-didnt-go-town/


8. مۆرفۆلۆژیی بنزاراوەکان جیاوازییان هەیە: نیشانەی بەردەوامیی وەک ئەچم/دەچم




https://kurdish.humanities.manchester.ac.uk/present-indicative-marker-i-eat/

# هەندێک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی کوردی

8. مۆرفۆلۆژیی بنزاراوەکان جیاوازییان هەیە: دەمکاتی ئێستا




https://kurdish.humanities.manchester.ac.uk/future-tense-marker/

# ئانالیزی مۆرفۆلۆژی (بەشی دوو)

# ژێدەرەکان I

سەرچاوەی هەموو وێنەکان ویکیمیدیایە: https://commons.wikimedia.org/wiki/Main_Page


[1] Martin Haspelmath and Andrea D Sims.
*Understanding morphology.*
Routledge, 2013.

[2] Haspelmath Martin.
The indeterminacy of word segmentation and the nature of morphology and syntax.
*Folia linguistica*, 51(s1000):31–80, 2017.

[3] Yaron Matras.
Revisiting Kurdish dialect geography: findings from the Manchester Database.
*Current issues in Kurdish linguistics*, 1:225, 2019.

[4] Sina Ahmadi.
A Formal Description of Sorani Kurdish Morphology.
*arXiv preprint arXiv:2109.03942*, 2021.

[5] Ewrehman Hacîmarif.
Wişe ronan le zimanî Kurdîda.
*Çapxaney Korî Zanyarî Kurd - Bexda*, 1977.